# کاروانێك بە ناو دووکەڵدا


## چەند لاپەڕەیەك لە بیرەوەریەکانم

## لەنێو ژەهری خاتمەی ئەنفالدا

(١٩٨٨/٨/١٧ ) تا (١٩٨٨/٩/١٧ )

مام خدر ناسراو بە خدر روسی

ناوی ناميلكه - كاروانێك بەناو دووكەڵدا
نووسينی - مام خدر ناسراو بە خدر روسی
بابەت - گێڕانەوە
ديزاينی بەرگ و ناوەرۆك - هێرش مەغديد
پيت چنين - هێڤا
پێداچوونەوە -نژاد علی قادر



## پێشەکییەکی پێویست ....

ئـــەم کورتـــە باســـە بریتـــی یـــە لـــە رووداو و بەســـەرهاتەکانی یـــەك مـــانگی نـــاو دۆزەخـــی ئەنفال، یەك مانگی پڕ لـە تـرس و دڵـەراوکێ و برسێتی و ماندووبوون ، هـەوڵم داوە هێنـدەی بیر و خەیاڵم هاوکاری کـردبم و رووداوەکـان وەك خـــۆی بـــاس بکـــەم ، گـــەلێك دیمـــەنم بینـــی ئێســـتاش کـــە دێتـــەوە یـــادم دامدەچـــلەکێنێ ، هەندێك دیمەنیش کـە لـە ئێستا و رابردووشـدا جێ ی شانازیمن .

بۆیە لێرەوە ئەم کورتە باسە پێشکەش دەکـەم بـــە رۆحـــی هـــاوڕێ شـــەهیدەکانم و بنەماڵـــە ســـــەربەرزەکانیان ، هـــــەموو ئـــــەو هـــــاوڕێ پێشمەرگانەی کە ئەو مانگە بێ دابران ببووینە یەك جەستە، سوپاسی هـەموو ئـەو هاوڵاتیانـەش

**دەکەم  کە هاوکارییان کردین و   هـەروەها سـلاوم دەنێـرم  بـۆ خـاتوو فـەیرۆزە  کـە پـێ دەچـێت ئێستا خاتوونێکی تـەواو بـێ   هـەروەها  سوپاسـی کاك شەمالی  هاورێ عادل سەلیم دەکەم   کە هانی دام  بۆ نووسینەوەی  ئەم  کورتە  باسە و هەروەها سوپاسی   هاورێ  سەنگەر  عەولا  حـاجی دەکـەم کــە نــاوی  بەشــێك  لــە هــاورێ  پێشــمەرگە بەشــداربووەکانی ئــەم داســتانە بــە هــەولّ و بەدواداچـوونی  ئـەو  دەسـت خـراو و   هیـوادارم ئێسـتا  ژیـانێکی ئاسـودەییان هـەبێت و  هیـوای تەنـدروستی و  تەمەن  درێژیان  بۆ دەخوازم.**

**مام خدر روسی**
**٤ ی ئەیلولی ٢٠٢١**

## کاروانێك بەناو دووکەڵدا

جـەنگ کردەیـەکی کارەسـاتبارە و جگـە لـە مـاڵوێرانی و بـەفیڕۆدانی خـوێنی مـرۆڤ و بەهەدەردانی داهاتی نیشتمان هیچ شتێکی تر بەرهەم ناهێنێت ،ئێمە (حزبی شیوعی عێراق) یەکێك لە دروشمە دیارو بنەرەتییە ئاشکراکانمان ئاشتی بوو،بۆیە هەر لە سەرەتای جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران کە لە لایەن دوو رژێم سەپێنرا بوو بەسەر هەردوو گەلی عێراق و ئێراندا ئێمە ئەو جەنگەمان بە زیان دەزانی بۆ ئایندەی وڵات ،چونکە درکمان بە وە کردبوو ئاسەواری ئەم جەنگە وێرانکردنی زێدمانە.

هەر چەند لە دێویکی تردا رژێمی بەعس گیرۆدەی دوژمنێکی سەرسەختی وەك کۆماری

ئیسلامی ئێـران ببـوەوە هێـزی سـەربازی خـۆی و چەك و جبەخانەکانی لەرووی ئەم دوژمنە دانابوو سەرقاڵ بوون بەو جەنگـەوە ،کـەمتر دەرفـەتی بـۆ دەرەخســـا بـــۆ پـــەلاماردانی بزووتنـــەوە چـەکدارییەکەی شۆرشـی کوردسـتان،ئەگەر چـی ئێمـە دەبـوو ئـەو سـەرقاڵی و گیرۆدەییـەی بـەعس بقۆزینـــەوەو زۆرتـــرین ســـوودی لێـــوەر بگـــرین بـەجۆرێك هێـزە شۆرشـگێڕەکان و پەلـە جیـاوازە چەکدارەکانی ناو شۆڕش یەکبخرێن و ئامانجـەکان روونـــتر و ئاشـــکراتر بێـــت، پشـــتیوانی بـــەهێزی نێونەتـەوەیی بـۆ شـۆڕش پەیـدا بکـەین و گیـانی خۆگونجانــدن و پێکــەوەیی و یــەك ئامــانجی لای هــەمووان بەرجەســتە بکــەین ، بــەڵام بەداخــەوە تەواو پێچەوانەی ئەم بۆچوونانـەی ئێمـە هـەڵگری بووین کار کرا، هەر لەسەرەتاوە گیانی سـڕینەوەی یەکتر و لە بری برایەتی و هاوخەباتی دوژمنایەتی یەکتر لە ناوبردن بووە ئامانجی پەلە چەکدارەکان

و شەڕێکی براکوژی خوێناوی جێی ئەم ئامانجە بەرزوپیرۆزانەی شۆرشی گرتەوە، هەر چی هێز و تاقەتی شۆرش هەبوو لەیەکتردا بەتاڵ کرایەوە، ئێمەش تاك کەوتین و ناو بەناو ئاگری ئەو شەڕی براکوژییە ئێمەشی گرتەوەو باجێکی گەورەشماندا.

بۆیە کاتێك جەنگی هەشت ساڵەی بەعس کۆتایی هات ئیتر دەستی ئاوەڵابوو بۆ پەلاماردان و یەکلایی کردنەوەی شۆرشەکەمان و بەهەموو هێزوتوانای خۆی پەلاماری شۆرشی کوردی دا کورد و شۆرشەکەشی چونکە بە درێژایی ئەو ماوەیە سەرقاڵی یەکتر کوشتن بووین و تەواو لە بەرامبەر ئەم هێزە زەبەلاحەی بەعس لاوازبووین، پاشەکشەمان کرد کە ئەوە بڕیاری هەموو پارت و لایەنەکانی ناو شۆرش بوو، بەوەی پاشەکشەبکەین بۆ شوێنی لەبارترو پارێزراوتر،رژێمیش پرۆسەی ئەنفالی دەست پێکرد و شۆرش و پێشمەرگەش بۆ

سەرسنوور ناچار بە پاشەکشێ کرا ئەو کات ئێمە لە (ئاوەگردێ) بووین .

بەڵێ شۆڕش تووشی شکستێکی گەورە بوو،هێزی پێشمەرگەی هەموو حزبەکان پاشەکشەیان کرد ، بەشێکی زۆریان بە شێوەی پەناهەندە ڕوویان لە ئێران و ئەوروپا کرد ، بەشێك لە خەڵك تەسلیم بە رژێم بوونەوە ، بەشێکیش هەر بە نهێنی چوونەوە شارەکان لە چاوەڕوانی دەفەرتێکی لەبارتر بوون .

ئێمە بڕیارماندا بمێنینەوە و لە شوێنێکی لەبارتر و پارێزراوتر بنکەیەك دابمەزرێنین بۆ کۆکردنەوەی پێشمەرگەکانمان، ئەو کاتە ( هاورێ ئەبو حیکمەت ) لە نوێنەرایەتی بەرەی کوردستانی بوو هەردوو هاورێیان ( مەلا حەسەن و ئەبو رەبیع ) قاتعیان بەرێوەدەبرد بۆ ئەم مەبەستە داوایان لە من و هاورێ ئەبو

دڵشاد کرد بۆ دیدارێك پێیان ڕاگەیاندین بۆ دامەزراندنی بارەگایەك لە دەڤەری بادینان .

من ئەو کات بەرپرسی سیاسی لق بووم لە ئاوەگرد ، ئەبو دڵشادیش بەرپرسی کارگێری بوو . پاش گفتوگۆیەکی کورت و وەرگرتنی بڕیاری حزب خۆمان بۆ سەفەرێکی دوور و درێژی چەند ڕۆژە ئامادە کرد ئامانجمان گەیشتنە بە ناوچەی بارزان و بنیاتنانی بنکە و بارەگای نوێ،بەرەو ئامانجێك کە لە گەل هەر هەنگاوێکدا چارەنووسێکی نادیار لە دەرگای یادەوەریمان دەدات ، ها ئێستا نا ساتێکی تر یان پاش چەند هەنگاوێکی تر یاخود ڕەنگە لە ملەی ئەودیو شەڕێکی تر و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تر یەخەت پێبگرێت، چونکە ڕژێم بە شێوەیەك هێزەکانی بە پشتیوانی جاش و موستەشار بلاوە پێکردبوو کە بن هەر بەردێك یان بنچکە دارێك گومانی بوونی سەرباز و جاشی لێ دەکرا

بۆیە دەبوو  بە حەزەرێکی زۆرەوە  رێگای دروست بدۆزینـــەوەو هــەنگاو هــەڵبگرین ، ئێمــە  ٢٠ پێشمەرگە  یان راستر بڵێم  ئێمـە  ٢٠ فریشـتەی ئـازادی  بـووین  یـەك چـارەنووس پەلكێشـی دوای خۆی كردبووین .

ئەگەر چی بەر لە ئێمـە مەفرەزەیـەکی ١٠-١٥ کەسی تریان  بە سەرپەرشتی  هاورێ (نوشیر) بـۆ هــەمان مەبەسـت  نـاردبوو  ، هـاورێ نوشـیر خەڵكی  شەقلاوە بوو ، ئێمە هەواڵمان  لـە هـاورێ نوشیر و  مەفەرەزەکەی نەبوو،   دڵنیاش نەبووین ئەوان بە چ رێگایەکدا  رویشتبوون  .

ئێمــە  بــە رێکــەوتین و  رێنیشـاندەرێکمان لەگەڵـــە بـــەلام  رۆژی یەكـــەم  نـــەیتوانی بمانپەرێنێتەوە لە نێوان  شەقلاوە و  رەواندووز  ، رۆژی دووەم  هـاورێ (  شــەهید ســەعدون  ) بــوە دەلیـل و چاوسـاغمان  شـارەزاییەکی  باشـی  لـە ناوچەکە دا هەبوو  . هاورێ سەعدون  بە رەزگەر

عـەرەب بـوو لـە لاوێتیـەوە  تێکـەل بـە خـەبات و تێکۆشـان ببـوو  پەیوەسـت بـە ریزەکـانی  حزبـی شـــیوعی عێراقـــەوە ، وەك هـــەر شـــیوعییەك خـەونی  بـە نیشـتیمانێکی  ئـازاد و  گـەلێکی بـە ختیـــارەوە دەبینـــی  هـــەر ئـــەم هیـــوا و ئامانجـــە پەلکێشـی خـەباتی چـەکداری کردبـوو  هـەر ئـەم خەباتـەش  ئاشـنای کردبـوو  بـە چـەم و  دۆڵ و چیا و لالەوێرەکانی  کوردستان  زۆر شـارەزایانە و بێ زیان  ئێمەی پەڕانـدووە ، تـرس  و دڵـەراوکێی پەڕینـــەوەمان  تێپەڕانـــدو  هـــەواری  نوێمـــان ناوچەی خەیلانیان و  چیای پێریسـە  لەوێشـەوە بـۆ بلـێ و بـارزان ، بـە گەیشـتنمان  بـە  چـیای پێـرس  نائومێـدی لـە نـاو دڵمـان چـەکەرەی کـرد کاتێك   بینیمان گوندیان  هۆبـە و هـەواریان جـێ دەهێڵن و  بە هەناسە ساردی  ماڵئاوایی   لە یاد و یادگـــاری باپیرانیـــان  دەکـــەن و  بـــە کـــاروانی

نەبڕاوەی ژن و پیر و منداڵ روو لە چیا دەکەن لە ترسی شالاۆوی بی ئامانی سوپای داگیرکەر.

هەر چۆنێك بێت کەوتینە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو خەڵکەی وەك ڕانەمەڕی تەریوی دەم گەلە گورگ بە دەشت و دۆڵ دا پەرت و بلاو بوون تەنها ئومیدیان دەرباز بوونە لە چنگی ڕەشی رژێم و سوپا درندەکەی ، ئێمە سوراخی هاورێ نۆشیر و مەفرەزەیەکمان دەکرد لە دەمی ئەو خەڵکەوە زانیمان هاورێ نۆشیر دوێنێ لەو ناوچەیە بووە و هەر دوێنێش بەرەو کافێ رۆیشووە ، کافێ بارەگایەکی هاوڕێیانی حزبی لێ بوو ئێمە ئاراستەی کاروانمان گۆڕی رووەو کافێ.

لە کافێ دوو دیمەنی پێچەوانەی یەکتر سەرنجیان راکێشام ، دوو هیوا و ئامانجی جیاواز دوو خەون و خەیالی یەکتر بڕ دیمەنی یەکەم: بینینی کۆمەڵێك قوتابی و خوێندنکاری گەنج

کـە بـە هیـوای جێهێشـتنی کوردسـتان و دەربـاز بوون لە دۆزەخی بەعس و گەیشتن بـە ژیـانی بەهەشت ئاسای ئەوروپا. دیارە خوێندن باشـترین بەهانــەی جــێ هێشـتن بــوو یــان راســتر بڵــێم هەڵهاتن بوو لە واقیع چونکە لە کاتێکدا خاك و وڵات داگیر دەکرێـت و بـە سـووتماك دەکرێـت، میللـەت ئـاوارە و پەراگەنـدە و سـەرگەردان و ژێـر دەسـتە دەکرێـت ئـەوا هـەموو شـتەکانی تـر لەبەرامبەر مقاومەت و بەرگری بە تاڵ دەبنەوە لـە هـەموو مانایـەك ، هـاوڕێ کـاروان ئـاکرەیی سەرپەرشــتی ئــەم پۆلــە گەنجــە قوتــابی و خوێندنکارانــەی دەکــرد و کارەکـانی بـۆ ڕێـك دەخسـتن، لـە هـەمان کاتـدا بەرپرسـی بارەگـای کــافێیش بــوو . دیمــەنی دووەم : کــە تــەواو پێچــەوانەی دیمــەنی یەکــەم بــوو ، مایــەی دڵخۆشـی و جۆرێـك لـە ئومێـدی لـە نـاو دڵـدا دەژیانەوە بینینی کۆمەڵێك لاوی قارەمـان کـە

خۆیان بۆ مقاوەمەت و بەرگری ئامادە کردبوو ، نەخشەی رووبەرووبونەوەیان دادەڕشت بە هیوای پووچەل کردنەوەی پلانەکانی رژێم . مانەوەی ئەم پۆلە گەنجە ئاماژە بوو بەوەی کە هێشتا سەنگەرەکان ئاوەدانە ، هێشتا خەون و خولیای ئازادی لە بیر و هزری لاواندا کاڵ نەبۆتەوە و خوێن و گیان بەخشین پەیامی بەردەوامی ژیان بە سبەێنی دەدات .

بەشێك لەو پۆلە گەنجە ئومێد بەخشە هاورێیانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بوون کە لە هەندێك شەڕو رووبەڕووبوونەوە دا قارەمانییەتیان نواند و فیداکارییان دەکرد .

رەزا زێباری بەرپرسێکی پارتی بوو هەم خزمی (کاك مەسعود) بوو ئەویش هەر لە کاڤێ بوو،بریارماندا کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی بکەین و دوا بریار لە چارەنووسمان بدەین،چی بکەین؟چۆن بکەین؟بۆ ئەم مەبەستە شاندێکمان نارد بۆ لای

حزبی زەحمەتکێشان بەڵام لە گەرانەوەدا هاورێ (ئەبو ئەحرار) ووتی:- حزبی زەحمەتکێشان پاشەکشەیان کردووە و لەوێ نەماون،شاندێکیشمان ناردە لای (کاك رەزای زێباری) بەر لە چوونی شاندەکەمان ئێمە لە زاری هاولاتییەکەوە ناوی (مام ئەحمەد) بوو لەو ناوچەیە کاری بەقاڵی دەکرد هەواڵمان لە (کاك رەزا) پرسی ووتی ئەو لە دوێنێوە رۆیشتووەو ناوچەکەی بەجێهێشتووە.

ئەم دوو هەواڵە ناخۆشە بۆ ئێمە مایەی نیگەرانی بوو چونکە تەنها ماینەوەو دەبوو بریارێکی دروست لە چارەنووسی خۆمان بدەین چونکە تا دەهات گوندوئاوەدانییەکان چۆڵ دەبوون رژێمیش فشاری زیاتری دەکرد بۆیە ئێمەش بەناچاری بریاری رۆیشتنمانداو جگە لەیەك دوو لەو گەنجانەی بۆ خوێندن بەنیازی ئەوروپا بوون بریاریان دا لە گەڵ کاروانەکەی ئێمەدا بن و

ئەوانی تر لە بارەگای کاڤ مانـەوە پـاش یـەك دوو ڕۆژ ئەوانیش بارەگاکەیان چۆڵ کردبوو.

بەر لە کشانەوەمان لە کاڤ سەر لە ئێوارە بەر لەوەی خۆر دوا چـەپکە تیشـکی خـۆی بپێچـێتەوە هـاوڕێ (ئــەبو ئــەحرار) م نــاردە ســەر چــیاکەی بـەردەممان بـۆ چاودێری پـاش گەیشـتنی بەپەلـە گەڕایەوەو ووتی : هێزێکـی زۆری ڕژێـم بـەتانك و دەبابەوە بەرەو ( شـیلادزێ) دەچـێ ئـەم هەواڵانـە ببوە هەواڵی بەردەوام و ڕژێم تـا دەهـات سـنووری ناوچەکانی شۆڕشی بەرتەسك دەکردەوە پاش ئـەم هەواڵەی ئەبو ئەحرار ئیتر بڕیاری کشانەوەمان لە کاڤ بوە ئەمری واقع،بـەڵام بـۆ کوێ؟هـەموو بسـتە زەوییەکی سنووری شۆڕش ببوە مەیدانی تەراتێنی سـووپاو جاش،هــەر چــۆن دەتروانــی هــەر بــەرز بوونـەوەی دوکـەڵی سـوتانی گونـد و دارو درەخـتی نیشتمان بوو دەچوو بە ئاسماندا،تەنها ئازادیخوازان لەمانای لە دەستدانی نیشـتمان تێدەگـەن و ژینگـە

پـارێزان لـه ئـازاری سـوتانی درەخـت و سـەوزایی دەگەن.

کاروانەکەمان درێژەی بەڕێو ڕۆیشتندا،پاش نیوه شـەو لـە رووبـاری (شـێنێ) پەڕینەوە،دیمـەنی رووبارەکە هێند سەرنج راکێش بوو دەتووت مانگ بەهـەموو جـوانی خۆیـەوە خـۆی فرێداوەتـە نـاو رووبـارو خـۆی تیـا دەشـوات،وورده شـەپۆل خۆیـان دەدا بەسنگی کەنارداو دەتووت ئەوانیش لە ترسی داگیرکەرو سوپای ئەنفال هەڵدێن. لەم کاتـەدا ئـەو دێـره شـیعرەی مامۆسـتا گـۆرانم هاتـەوه یـاد (کانیـەکی روونـی بـەر تریفـەی مانگـە شـەو - جوانترە لە لای مـن لـە دەریـای بـێ سـنوور ) پـاش پەڕینەوەمان لە رووبـاری شـێنێ گەیشـینە گونـدی بـازێ لـەوێ دووبـاره لەگـەڵ هێزەکـەی حزبـی زەحمەتکێشـان و کـاك رەزای زێبـاری یـەكمان گرتەوە،ئـەوان چـونکە پـێش ئێمـە گەییشـتبوون پشـویان دابـو هێزەکـەی ئێمـەش بـارو بارگـەمان

خســـت و بـــەهیوای کـــەمێك پشـــوو،هێزەکەمان ڕێگەیـەکی درێـژی بڕیبـوو کـەمترین دەرفـەتی بـۆ پشـوو هـەبوو . هێنـدەی نەخایانـد هێـزی سـوپا گەیشتە ئەو ناوچەیەو بـەتانك و تـۆپ و هێزێکـی زۆرەوە بەرەو بارزان دەڕۆیشت، ئاوایـە خەسڵەتی داگیرکـەران... ئەگـەر بـۆی بلـوێ بستێك خـاك،بن بـــەردێك ،کونەئەشـــکەوتێکیش ناهێڵێتـــەوە تـــا ئـازادیخوازان پشـویەکی تیـا بـدەن ئـەو جـێ پێـی ڕەشــی خــۆی تیــا قــایم دەکات.بۆیــە بەناچــاری باروبنـــەی خســـتوومان کـــۆکردەوە و کـــاروانی پێشمەرگە کەوتە ڕێ بۆ سەر چیای شیرین و دۆلی داویتکـــە ،ئـــەم ناوچـــەیە زۆر قایمـــە بـــە دۆڵ و چیاسەرکەشـــــەکانی و دۆڵـــــە هـــــەزار بـــــە هەزارەکانی،کاروانی نائومێدی لە ڕێ یەو ڕژێمیش ناو بـەناو بۆردومـان دەکات.هـەواڵمان بـۆ هـات کـە ڕێگەی زێتێ و بێروخ گیراوە،پـاش هەڵوێستەیەکی

کورت و تـەکبیرێکی خێـرا بریارمانـدا رێـی بـەرەو رووباری شین بگرینە بەر.

سروشـتی ئـەم نـاو چـەیە هێنـد دلگـیرە گـەر مرۆڤ بۆ کات بردنە سەر و سەیران و خۆشی بێتە ئـەم ناوچـەیە هـەرگیز چـاو تێـر لـەجوانی ئـەم سروشـــتە ناخوات،بـــەڵام بەداخـــەوە ئێمـــە وادەمانــەوێت بــۆ رزگــارکردنی گیــانی خۆمــان و سەدان کەس لەم سروشتە هەڵبێین .

لەگەڵ کازێوەدا ئێمە گەیشتینە سـەر رووبـاری شین، پەڕینەوە لە رووبار سەخت بوو، کەنارەکانی هەر سەخت بوو هیچ بوارێکی تەنکاوی نـەبوو بـۆ پەرینەوە،خـەڵکی ناوچـەکە لـە مێـژە داهێنانیـان لەشێوازی پەڕینەوە کردووە لە بەرێکی رووبار بـۆ بەری ئەوبەر بە ئـامێرێکی دروسـت کـراو لـەدار و گوریس خەڵکی ناوچـەکە پێـی دەڵێن (داو ڕسـت) ئێسـتا لەسـەردەمی پێشـکەوتن پـەرە بـەم شـێوازە دراوە و پێـــی دەڵـــین (تەلـــەفریك) بـــە کارەبـــا

کاردەکات،دڵنیـــا نـــیم داوڕســـت لـــە تەلـــەفریك وەرگیراوە یان بە پێچەوانەوە بەڵام لەوە دڵنیام تـا ئەو کاتە خەڵکی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بە شارنشینانیشـەوە نـە تەلـەفریکیان بینیبـوو نـە بیستبوویان.

بە هەر حاڵ ئـەم داو رسـتە بـۆ ئێمـە زۆر بـە سوود بوو هەتا نزیکی ئێوارە پەڕینـەوە ئەوبـەر رووبـار ، ئاراسـتەی نوێمـان گوندێکـە بـە نـاوی (سـورێ ) پـاش پەڕینـەوەمان لـە دەنگـی تەقـەی دوو هاورێمـان ئێمـەش لـەوە ئاگـادار بـووین کـە رێگاکـــە بـــە جـــاش تـــەنراوە ، دۆخێکـــی زۆر نالەباری بۆ ئێمە دروست کرد ، کەوتینە حاڵەتی مـان و نـەمان پێویسـت بـوو بڕیـارێکی یـەکلا کەرەوە بدەین . بۆ ئەم مەبەستە لە گەڵ کـاك قـادر عـەزیز و کـاك رەزای زێبـاری تـاوتویی دۆخەکـەمان کـرد چـی بکـەین و چـی نەکـەین ؟ من دەست پێشخەریم کرد و ووتم : ئێمە کۆمەڵێك

پێشـمەرگەی ئـازا و شـەڕدیدەمان لـە گەڵـە شـەڕ دەکەین و ڕێگاکە دەکەینەوە، ئەگەر سەرکەوتین زۆر باشە ئەگەر نا خۆشمان بە دەستەوە بدەین چـارەنووسمان هـەر مردنـە. بۆیـە ئێمـە ڕێگـای یەکەم هەڵدەبـژێرین لـە ڕاستیشـدا نـە ئـەوان و نەکەسـی تـر پێـی وا نـەبوو کـە کۆمـەڵێك پێشـمەرگەی مانـدوو ، برسـی لـە دۆخێکـی نائومێدی و هـەلهاتن دا توانـای پەرچـەکرداریان هەیە و،دەتوانن بچن بەگژ سوپای تێرۆتەسـەلی ڕژێم و ژمارەیەکی زۆری جاش و خۆفرۆش .

ئـەم بڕیـارە بڕیـارێکی تـاك لایەنـەی مـن بوو،جـۆرێکیش بـوو لـە سەرکێشـی،ئەو هـەموو پێشمەرگەیە و سـەدان هـاولأتی زێبـاری و ژن و منداڵی رۆژهەلأتی کەکەوتبوونە تەك ئەم هێـزەی ئێمە چارەنووسیان بەسترابوو بە سەرکەوتنی ئەم بڕیارەوە . ئێمە هێزێکی تێکەلی حزبـی شـیوعی عێـراق بـووین لـە بارەگـای کـافێ و ناوچـەکانی

دەوروو‌بەری یەکمان گرتبۆوە بە نموونە مەفرەزیەکی لقی قەرەچووغ بە سەرپەرشتی هاوریٚ کەریم عەرەب و مەفرەزەیەکی لقی بەرانەتی بە سەرپەرشتی مولازم ووشیار ، مەفرەزێکی لقی خۆشناوەتی بە سەرپەرشتی ئاری شەقلاوەیی و دەیان پێشمەرگەی لق و بەتالیۆنەکانی تر هەروەها مەفرەزەیەکی ٥ کەسی حزبی زەحمەتکێشان بە سەرپەرشتی سەلاح ناوێك هاتن لە گەڵمان. شەڕ بە خەستی دەستی پێکرد و لە کاتژمێر ١٠ ی شەو هێزەکەی رژێم شکا و لە سەر چیاو بەرزاییەکان پاشەکشەیان کرد و سەرکەوتنێکی گەورەمان تۆمار کرد!! کەمێك دەستکەوتیشمان هەبوو لە چەك و هاوەن و بێ سیم . لە بەرئەوەی شەو بوو دەرفەتی ئەوەشمان نەبوو بچینە مەیدانی شەڕەکە و ئاسەواری شەڕەکە ببینین بۆیە نەمانزانی زیانی گیانیان چەند بوو ، بەلاّم

باشـتر بیسـتمان زیـانی زۆریـان بـەر کـەوتبوو خۆشبەختانە ئێمەش چەند بریندارێکی سووکمان هـەبوو ئەمـەش بەڵگـەی تۆکمـەیی نەخشـەی هێرشە هەڵگەراوەکەمان بوو .

رەنگـە هـیچ کەسـێك هێنـدەی مـن دڵخـۆش نـەبووبێت بـەو سـەرکەوتنە!! چـونکە ئەگـەر ئەنجامی شەڕەکە پێچەوانە بوایـە ئـەوا لۆمـەی هاورێیـانم دەکەوتـە سـەر شـان و بڕیـارە تاکـە لایەنەکەی منیان بە هۆکاری ئەو زیـان و شکسـتە دەزانی کە لێمان دەکـەوت ، بـەڵام خۆشـبەختانە بـە هیمـەتی قارەمانانـەی هاورێیـانی حـزب و برادەرانی حزبی زەحمەتکێشان سەرکەوتنێکی بێ وێنەمان تۆمار کـرد بـە جۆرێك کـە نـەك هـەر رژێـم بـاوەڕی وا بـوو کـە پێشـمەرگە هێزێکـی نەماوە بۆ شەڕ، بەڵکو دۆسـتەکانیش بـە نموونـە کـاك رەزای زێبـاری پـاش کۆتـایی شـەڕەکە و سـەرکەوتنمان هێشتا بـاوەڕی نـەدەکرد چونکە

کاتێــك دوو پێشــمەرگەمان نــارد بــە دوایانــدا یەکێکیان ناوی ئەردەلان بوو هەوالّیان پێ بدا شەڕ کۆتایی هاتووە و سوپای رژێم پاشەکشەی کردووە و ڕێگاش کراوەتەوە بەلاّم هەر باوەڕی نەکردبوو ووتبووی کێ دەتوانێ سەر ئەو چیایە بکەوێت و بە شەڕ ڕێگا بکاتەوە .

بەلاّم بە ئیرادەوە بڕیاردرا، بە عەقیدە و ئیمانەوە شەڕ کرا و سەرکەوتن تۆمار کرا . پێم وابوو ئەو ڕۆژەی شۆڕش سەردەکەوێت پەیکەری زێرین بۆ پێشمەرگەکانی ئەم داستانە دروست دەکرێت .

پــاش کردنــەوەی ڕێگاکــە کــاروانی پێشمەرگەوهاولاّتی سیڤیل کە زۆربەیان ژن و مندالّی زێبارییەکان بوون کەوتە ڕێ،لەم کاتەدا (فەیرۆز) مندالّێکی (٥ – ٦) سالاّن کیژۆلەیەکی قشتۆکە بوو لە خانەوادەکەی دابڕا بوو دەگریا بەبیستنی ناوی ئەو مندالّە خەیالّ بردمیەوە بۆ

چەند ساڵ بەرلەئێستا واتە ساڵانی حەفتاکان کاتێك لە گەڵ هەندێك لە هاوڕێیان کەوتبووینە دۆخی ژیانی خۆشاردنەوە،لەگەڵ هاوڕێ شەهید (سەفەر) یادی بەخێر چوبوینە بەغدا بەمەبەستی خۆحەشاردان لە چاوی رژێم کاری نەجاریمان دەکرد بۆ کارکردن دەبوو هەموو بەیانیەك زوو بچوینایە بۆ سەر کار بەیانیانی بەغدا لە زۆربەی گازینۆکانەوە دەنگی هونەرمەندی خۆشخوان (فەیرۆز) تێکەڵ بە نەغمە و سەدای باڵندان دەبوو هەستێکی خۆشی دروست دەکرد و ناخی مرۆڤی ئاودەدا.

ئێستاش لە گەڵ گریانی ئەم منداڵەدا هەستێکی ناخۆش دایگرتم ،هەروەك چۆن ترسێکی زاڵ سەراپای ناخی ئەو خەڵکە سیڤیلەی داگرتبوو کە خۆ دەربازکردن و گیان رزگارکردن لە مەرگ لای ئەو خەڵکە ببوە دەسکەوتێکی گەورە بە ڕادەیەك دایك و باوك لە پێناو خۆدەربازکردن ئاگایان لە

جگەر گۆشەیان نەمێنێت،ئەمە ئەگەر بەلگەیەك بێــت بــۆ نەرجســیەت و رۆح خۆشویســتن لــە هەمانکاتــدا بەلگەیــەکی ســەلمێنراوە بــۆ دڕنــدەیی رژێمی بەعس و سوپا وێرانکەرەکەی.

ئێمە کە گیانبازیمان بە رۆحی خۆمانەوە دەکرد و ناوی پیرۆزی پێشمەرگەمان هەلگرتبوو،لە پێنـاو ئازادیــدا دەجــەنگاین بڕیارمــان دا ئــەم منداڵــە هەڵبگرینەوە،دیار نییە خۆمان دەردەچین یان تیـا دەچـین! ئایـا خانەوادەکـەی دەدۆزینــەوە یـان نـا؟ چارەنووسـی ئـەم منداڵـە بـەکوێ دەگـات؟ ئەمانــە هـــــەمووی پرســـــیار بـــــوون میشـــــکمانی دەکرۆشت،(هاورێ بۆتـان ) کـە هاوڕێیـەکی ئـازا و چـەلەنك بـوو ووتـی مـن ئامـادەم ئەگـەر یـەکێك چـەکەکەم هـەڵبگرێت مـن ئـەم منداڵـە هەڵدەگرم منـیش ووتم ئامـادەم چـەکەکەت هـەڵبگرم ئەگـەر چـی هـەموو هاوڕێیـان ووتیـان ئامـادەین خۆشـت بەکۆڵ هەڵبگرین. لـە رۆژانـی ئایـنـدەدا بـەجۆرێك

ئەم مندالە ئولفەتی لە گەڵ هاوڕێ بۆتان گرتبوو بەهیچ جۆرێك لێی جیا نەدەبۆوە،بۆیە كاتێك نزیك سنوور ژن و منداڵ و پیروپەككەوتەكانمان رەوانەی توركیا كرد لە پێناو ئەم كیژۆڵەیەدا هاوڕێ بۆتانیش چووە توركیا و ئێستا لە نەرویج دەژی.

گوندی (سورێی) لە یادەوەریمدا تۆمارە و هەر گیز لە بیری ناكەم چونكە ئەو سەركەوتنە مێژووییەمان تیا تۆمار كرد،هەر ئەم سەركەوتنەمان هێزو بڕوایەكی زیاتری لای هاوڕێیانی پێشمەرگە دروست كرد و ئومێدێكی زیاتری دا بەو خەڵكە سیڤیلەی كە تێكەڵەیەك بوون لە ژن و منداڵی رۆژهەلاتی و زێبارییەكان .

هەر چەند جاشەكان چەند جاری دی هەوڵیاندا بێنەوە سەر رێمان و كەمینمان بۆ دابنێن و پەلامارمان بدەن بەلام وریایی هاوڕێیان ،ورەی بەرزی پێشمەرگایەتی لە لایەك و شكستی

سوپاو جاش لەشەری چەند رۆژ لەوەو بەر لەلایەکی تر وایکرد جاشەکان ئەم کارەیان بۆ جێ بەجێ نەکرێ و ئێمەش بەسەلامەتی گەیشتینە سەر سنوور.

لەسەر سنوور لەگەڵ هاورێیانی (قاتعی بادینان) تێکەڵاو بوین و مەفرەزەیەکی گەورەی پارتی و مەفرەزەیەکی یەکێتی بە فەرماندەیی (حاکم عومەر) و مەفرەزەیەکی بزووتنەوەی ئاشووری لە ناوچەیەك پێیان دەگووت (جەمەدە) یەکمان گرتەوە .

پاش ئەوەی ژن و منداڵ و خەڵکە سڤیلەکەمان رەوانەی تورکیا کرد گفتوگۆی چی بکەین و چی نەکەین هاتە ئاراوە ،ناوچەکە هی ئەوە نەبوو بیر لە مانەوە و دروستکردنی بارەگا بکرێتەوە، ئێمە بریارماندا بە خاکی تورکیادا برۆین بۆ ئێران و لە وێوە بۆ (ناوزەنگ و نۆکان) . بەڵام برادەرانی پارتی ووتیان ئێمە ناتوانین بەرەو

ئێـران بـێین ئێمـەش لـە هۆکارەکـەیمان نەپرسـی چونکە ئەوە بریاری تایبەت بە خۆیانە،هێنـدەیان لە گەڵ کردین رێنیشاندەرێکیان بۆ پەیـدا کـردین ناوی مام (عەبدوڵا) بوو بەبڕی دوو هەزار دیناری سویسری ئێمەی گەیاندە گوندی (بـایێ ) سـنووری ئێراقمان بۆ ناو تورکیا بڕی .

دەمەو خۆر ئاوا گەیشتینە چۆڵەوانیەکی نزیـك گوندەکە،ئـەم ناوچـەیە هێنـد کوێسـتانە هەمیشـە ساردە بەتایبـەتی شـەوانی ناوچـەکە ئێمـەش ئـەو شـەوە لـەو چـۆلەوانیەدا ماینەوە،هیچیشـمان پـێ نـەبوو لـە پێخـەف و راخـەر جگـە لـە هەنـدێك کورتانی گوێدرێژوهێسـتر ناچار بەبەکارهێنانیان بووین،لـەو دۆخـە پرتـرس و تۆقێنـەرەدا لـەو سەرماپڕلەهەڵلەرزینەدا جار جار کە ئەو دیمەنەم دەبینی یەکێك لە ژێر کورتانی گوێدرێژ و یەکێکی دی لـە ژێـر کورتـانی هێسـتردا خۆنەویسـتانە زەردەخەنەیەك دەیگرتم . ئەوشەوە هێندە ساردو

سـەرما بـوو (ئاسـۆی مـام عجیـل) کەیـەکێك لـەو گەنجانە بوو هاتبوو بۆ خوێندن بچێت بۆ ئەوروپا بەڵام بڕیاری گۆڕی و لە گەڵمان هات و تێکـەل بـە کاروانی پێشمەرگە بوو ئـەو شـەوە لـە تـاو سـەرما خـۆی فرێدایـە باوەشـی من،منـیش هەسـتێکم بـۆ دروسـت بـوو کـە کوڕەکـەی خۆمـە و لەسـەرما دەیپارێزم .

لـــەمام عەبـــدوڵای ڕێنیشـــاندەرم پرســـی براگەورەی ئەم گوندە کێیەو ناوی چییە؟ دووناوی ووت کـە هـەردووکیان براگـەورەی ئـەم گونـدەن یـەکێکیان نـاوی (حـاجی قەسـیم) ە و ئـەویتریان نـاوی (أحمـد خـان) ە پـاش دووشـەو مانـەوە لـە چـۆڵەوانی بـەر لـە خۆرهـەڵاتن خـەڵکی گونـدی (بـایێ) هـاتن بـەرەو پیرمـان ووتیـان نـەخۆش و پیروپەککەوتەکان بابێنە ناو گوند و ئەوانی تریش لێـــرە بمێننـــەوەو خـــواردن و خواردنـــەوەو پێداویستیتان بۆ دێنین .

ئێمـه مانـدوو بـووین ،دووشـەویش تـا بـەیانی لەچـۆڵەوانی سـەرما کوتابوینی،مانـەوەمان لـەو دەشـت و چـۆڵە هێنـدەی تـر لـە پـەل و پـۆی دەخستین، دەبوو بەهەر ڕێگەیەك بێت بچینە ناو گوند و پشوویەك بدەین . سەرەتا پێم باش نەبوو پێشـنیاری پـارە بکـەم بـۆ چـوونە نـاو گونـد، بەناچاری رووم کردە گونـد نشینان و پـێم ووتـن کامتان حاجی قەسیم و ئەحمد خانـە ؟دوو کـەس هاتنـە پێشـەوەو یـەکێکیان ووتـی مـن حـاجی قەسیمم ئـەویتریان ووتـی مـن أحمـد خـانم .پـێم ووتن بەرێز کـاك (مەسعود بـارزانی) بێسیمی بـۆ من کردووە ووتـی ئەگـەر ئێـوە بگەنـە لای حـاجی قەسیم و ئەحمد خان هیچ خەمتان نامێنێت،هـەر بەڕاستیش وابـوو پـاش ئـەوەی نـاوی رێـزدار کـاك (مەسـعود) م هێنـا ئـیتر هـەر کامیـان دەیویسـت زۆرتـرین کـەسمان بەرێتـەوە بـۆ مـاڵی خـۆی نـەك هەر حاجی قەسیم و ئەحمەد خان بـەڵکو تێکرای

خەڵكی گوند بە گشتی،گەنجێكی باڵابەرزی كەمێك لــە تەمــەن هەڵكشــاو رووی كــردە مــن و ووتــی : دەبێـت خۆت و بیست كەس بێنە مـاڵی من،منـیش ووتم: بیست كەس زۆرە بۆ یەك ماڵ شیاو نییـە و ئەركە،واباشە هەر چەند كەسێك و دەچینە ماڵێك ،ووتـــی :مـــن جـــێ و ڕێـــم هەیـــە و دیوەخـــانم گەورەیە،هەر چۆنێك بێت هـەژدە كـەس واتـە مـن حەڤدە كەسی لەگەڵ خۆی بردەوە.پاش نانخواردن و پشوودان گەنجێكی مڕومۆچ خۆی كرد بە ژووردا و رق و توڕەیی لێ دەباری، رووەمكردە خـاوەن مـاڵ و ووتم: ئـەو گەنجـە بـۆ وا پەرێشـانە ووتـی: لـەوە توڕەیــە كــە كــەس نەچــۆتە مــاڵی و دەڵێــت مــن پیــاونیم واكەســم بــەر نەكــەوتووە!!! منــیش بــۆ دامركاندنەوەی توڕەییەكەی وتم: باچەند كەسێك بچنە ماڵی ئەو، خـاوەن مـاڵیش رازی نەدەبووهـەر چۆنێك بێت شەش حەوت كەسـێكمان نـاردە مـاڵی ولە گەڵی رۆیشتن .

هەستێکی سەیر دایگرتم.. ئێمە پێشمەرگەی هەمووڵایەنەکان ساڵانێکی زۆر و بەدرێژایی شۆرش لەسەر سفرەو خوانی گوندنشینان دەمانخوارد و لەناو ماڵ و منداڵیان دەحەساینەوەو تەنانەت بەپێخەفی ئەوان شەومان رۆژدەکردەوە،ئەگەر ئێمە ماسی بووبێتین ئەوان دەریا بوون،کەچی لەو کاتەدا هەبوون دەیانووت ئەوان لە ترسا خزمەتی پێشمەرگە دەکەن یان مەرامێکیان بە شۆڕش هەیە !! بەڵام ئەمرۆ یەقینم پەیداکرد کە وانیەو پێچەوانەکەی ڕاستە چونکە ئێستا خەڵکی ئەم گوندە نە لێمان دەترسن و نەهیچ مەرامیکیشیان پێمانە،بەڵکو ئەوە خەسڵەتی راستەقینەی عەشایەرو گوند نشینە کە هەم میوان دۆستن و هەم لە کاتی پێویست و لێقەوماندا پشت لەکەس ناکەن .

رۆژی دوایی نانی بەیانیمان خوارد بەر لە رۆیشتنمان و ماڵئاوایی ویستم وەك پاداشێك بۆ

ئـەو ماڵـە ووتم: پـێم خۆشـە چـەكێكت بـەدیاری بـدەمێ خـاوەن مـاڵ ووتـی: ئێمـە چـەكمان زۆرە لەسـەری كـاك (مەسـعود بـارزانی) بـەزیاد بێـت حەزدەكەیت ئێمە چەكتان پێدەدەین،ئێمـە پیـاوی حكومـەتین لەبـەر خـاتری مـاڵی خوالێخـۆش بـوو (مەلا مستەفا ) خزمـەتی ئێوە دەكـەین و چـیتان دەوێت لەخزمەتتاندایین .

ئـیتر بـەڕێیان كـردین بـەرەو گونـدێك بـەناوی (شـەقلاوە) ئـەم گونـدە لـە سـنووری توركیایـە لـە بـاكووری نیشـتمان ،لـە باشـووریش جـوانترین و دڵگیرترین هاوینەهەوار هەر ناوی شـەقلاوەیە كـە هــەر دووكیــان نیشــتمانی كــوردانن بــەڵام بــە سنورێكی دەستكرد ئەویان لە توركیایەو ئەمیان لە عێـراق ،رەنگـە شـەقلاوەی تـریش هـەبێت و مـن پێنەزانم.

بـەر لـەوەی گونـدی (بـایێ جـێ بهـێڵین بـەرەو گوندی شەقلاوە پێیان ووتین دەتوانن چەكەكانتان

بـه ئەمانــەت لای ئێمــە دابنــێن و دوایــی خۆمــان بۆتان دێنین !! ئەم پێشنیارە ئەگەر چی لـە جێـی خۆیدانەبوو،سەرباری متمانەی تەواومان بەخەڵکی گوندەکـەو ئـەو خزمەتـەی دوێـنێ شـەو لەگـەڵ ئەوەشــدا جۆرێــك لــە خورپــەی بــەدڵم کــرد. ئیتر باسـەکە لەوێـدا کۆتـایی هـات کـەووتمان ئێمـە پێشمەرگەین چۆن چەك بەجێ دێڵین و بێ چـەك ملـی ڕێگـا بگرینــە بەر،ئێمــە بەچــەکەکانمانەوە قۆناغ قۆناغ و بەشێوەی پارتیزانی دەڕۆین. ئـاخر چەك و پێشمەرگە دوانەیەکی لێکدانەبڕوان،تۆ تـا ئــــەو کاتــــە پێشــــمەرگەیت کــــە چــــەکەکەت بەشــانەوەیە،کە لەشــانت داگــیرا ئــیتر دەبیتــە هاولاتییەکی سڤیل نەك پێشمەرگە، چونکە چـەك ســــەرباری ئــــەوەی ئــــابڕوی پێشــــمەرگەیە ناسنامەکەشیەتی،هەر بۆیە کاتێك پێشـمەرگەیەك لەسەر سەرپێچیەك پاش لێپرسینەوە ئەگەر چەك بکرایــە لــەرووی دەروونیــەوە کاریگــەری خراپــی

لەسەر ئەوکەسە دادەنا و بەجۆرێك لە شورەیی و ئابڕو چوون تەماشا دەكرا و پێشمەرگەی چەككراویش خۆی لە هاوەڵانی بەكەمتر دەهاتە پێش چاو.

نانی ئێوارەمان لە گوندی شەقڵاوە خواردوو درێژەمان بە رۆیشتنداو لە گوندی (گۆمایێ) هەندێك پێڵاوو كەل و پەلمان بۆ پێشمەرگەكان كری و جیاوازیمان نەكرد لە نێوان پێشمەرگەكانی حزب و ئەو چەند برادەرەی زەحمەتكێشان (دكتۆر سەردار وئاسۆحەسەن) پێشمەرگەی حزبی زەحمەتكێشان بوون، سكرتێر و مەكتەب سیاسیان داخڵی توركیا بوون و ئەمانیش لەگەڵ ئێمە بوون لە خۆشی و لەسەركەوتنەكانمان،لە ناخۆشی و چەرمەسەرییەكانمان بەشدار بوون و لەگەڵمان بوون،ئێمە بڕیاری چوونە ئێران و لەوێشەوە بۆ ناوزەنگ ونۆكانمان دابوو بە دكتۆر سەردارم ووت:

مەكتەب سیاسیتان ئاگاداری كردوون كە ئێوە چی بكەن و چی نەكەن؟

لە وەڵامدا ( دكتۆر سەردار ) ووتی لە ڕاستیدا مەكتەبی سیاسی ووتیان مادام ئێوە لە گەڵ ( مام خدر ) ن ئێمە هیچ خەممان نیە ! منیش هەر بۆ پێكەنین ووتم خۆ ( مام خدر ) نەباب و نە باپیری خەڵكی ئەم ناوچەیەیە نە لەم ناوچەیەش ژیاوە .

پاش كڕینی پێداویستییەكانمان درێژەمان بە ڕۆیشتن دا بۆ دواهەمین گوندی سەر سنووری توركیا و ئێران . لە سەر سنوور بزووتنەوەی دیموكراتی ئاشووری لێمان جیابوونەوە و بێ هەواڵ لە یەكتر ماین .

بەداخەوە ناوی ئەو دواهەمین گوندەم لە یاد نەماوە ، لە ڕێ دووبارە هەندێك خواردن و پێداویستیمان كڕیی و جۆرێك لە ئاسوودەیمان بەدەست هێنا ، ئەوەی كە مایەی ئەم ئاسودەیی

یـە کاتیـە بـوو ئـەوە بـوو کـە بـە بـیٚ شـەڕ و پێکهەلپـژان لـە گـەلّ سـوپای تورکیـا گەیشـتینە جیٚ ی مەبەست و ئاودیویی ئێران بووین .

کاتێك چووینە دیـوی ئێـران هیزێکـی پـارتی دیموکراتی کوردستان هاتن بۆ پێشوازیمان ، کـاك نێچیرڤان بارزانی و یـەکێك لـە کوڕەکـانی کـاك مسـعود ئێسـتا نـازانم کامیـان بـوو لـە گـەلّ هێزەکەدابوو . پاش پێشـوازی کـردن و خۆشـحالّی دەربـڕین بـەوەی کـە بـە سـەلامەتی دەرچـووین هــەوالّی ( ڕەزا زێبــار ) یــان پرســی ، ئێمــەش زانیاریمان پێگەیشتبوو کە کاك رەزای زێباری و ئەوانەی لە گەلّی بوون گەرابوونەوە ( بەحرکە ) و خۆیـان ڕادەسـتی رژێـم کردبـوو بـەلاّم لـەوە زیــاتر هیچــیمان دەربــارەی چارەنووســیان نەدەزانی .

هێزەکـەمان دەرفـەتێکی باشـی بـۆ پشـوودان دەسـتکەوتبوو پـاش چـەند رۆژێـك پشـوو بـە

هاوکـاری برادەرانـی پـارتی جـارێکی تـر ئـەو سنورە دەستکردەمان بڕی و هاتینەوە ( عێراق ) بۆ سەر مەیدانی تێکۆشان بەلاٌم تێکۆشانێك بـە شێوە جیاواز و بە قەناعەت پتەو تر درێژەمان دا بە خەباتی پارتیزانی .

پـاش یـەك مـانگ دابـڕان لـە حـزب گەیشـتینە نۆکان و بە هاورێیان گەیشتینەوە لە ناوچەیەکی دوورە دەستی رژێم ، ئـیتر کەشـی کۆبوونـەوە و خۆسازادان و دانانی بەرنامە و پلانی خەبات بۆ ئایندە بە شێوەیەکی باشتر ڕەخسا .

نۆکان ناوچەیەکی دوورە دەسـتە .... نـە رژێـم دەستی بە ئێمە دەگات و نـە ئێمـەش بـە ئاسـانی دەتـــوانین بگەینـــە جـــەماوەر . بەربەســـتی بـەردەم رژێـم تـەنها دوورە دەسـتی و سـەختی ناوچــەکە بــوو ، بــەلاٌم دەیتــوانی لــە رێگــای بۆردومانی دوور هاوێژەوە جارجـار هەراسـانمان بکات یان فڕۆکە بنێریتە سەرمان، بۆ نەیدەکرد

؟ وەڵامەکە ڕوونە ، ڕەنگە پێی وابوبێت ئەو شۆڕشی کوردی لە ناوبردووە و بزووتنەوە چەکداری یەکەی نەهێشتوە و هەموو گوند و ئاوەدانی یەکی وێران کردوە و تەنانەت ڕەز وباخی سووتاندووە و کانی و سەرچاوەکانی پڕ کردۆتەوە و کۆنکرێت ڕێژی کردوە . مانەوەی ئەو چەند چەکدارە لە سەر سنوور هیچ هەڕەشەیەك بۆ ئەو دروست ناکات .

ئێمەش پێمان وابوو ئەگەرچی لە ناوچەیەکی سەخت و دوور لە جەماوەرین و بە زەحمەت دەتوانین پەیوەندی لە گەل خەڵك و بە تایبەت هاوڕێ یانی ڕێکخستنی حزب لە ناو شار ببەستین و بۆ ئاڵوگۆڕی هەواڵ و پلانی نوێ ی حزب دژواری زۆر دەهاتە بەردەم ، بڕیارماندا ( نۆکان ) بکەینە بنکەی دەست پێکردنی خەبات و لە نۆکانەوە بەرنامە و نەخشە و پلان بۆ ئایندەی عێراق دابڕێژین.

سەرەتا پیویستە جێگە و رێگەی مانەوەی خۆمان ساز بکەین بۆ ئەم مەبەستە یەکەم کۆبوونەوە بە سەرپەرشتی هاوڕێ ( مەلا حەسەن ) رێکخرا . کۆبوونەوەکە بە مەبەستی چۆنیەتی هەڵمەتی کۆکردنەوەی دار و سازدانی بارەگاکان بوو ، پاش ئەوەی هاوڕێ ( مەلا حەسەن ) لە قسەکانی بۆوە ئێمە چەند کەسێك ویستمان بەشداری گفت و گۆکانی هاورێ مەلا حەسەن بین و سەرنج و تێبینی خۆمان بلێن یەکێك لە هاوڕێ یانی عەرەب ناوی ( ئەبو ڕەشا ) بوو پێش من دەرفەتی قسە کردنی وەرگرت بە داخەوە بەر لەوەی دوو وشە بدرکێنێت جەلتەی دڵ لێیدا و گیانی سپارد . هاوڕێ ( ئەبو ڕەشا ) پێشمەرگەیەکی ئازا و ژیر و بەسەلقیە بوو لە گەڵ ئەوەشدا ژینگە دۆستێکی ڕاستەقینە بوو . لەو دۆخەدا ئەمە ڕووداوێکی گەلێك ناوخۆش بوو ، لەوەش

ناخۆشتر ئەوە بوو نەمانزانی دەیویست چی بلێت ، خۆزگە لانی کەم فریای دەربڕینی سەرەنجەکانی دەکەوت ... دڵنیام لە دوا ساتەکانی ژیانی دا دەیویست بە چەند ووشەیەك کۆمەك و هاوکاری بە هاوڕێکانی بکات ، بەداخەوە نەیتوانی و مەرگ دەرفەتی نەدا....

**ناوی بەشێك لەو پێشمەرگانەی كە بەشداری ئەم داستانەیان كرد ، داوای لێبووردنیش لەو هاورێ و پێشمەرگانە دەكەم كە ناویان نەهاتووە دیارە هۆكارەكەی لە لایەك نەبوونی دەرفەتی یاداشت كردنی رۆژانە بووە كە ئەمەش دەبێتە هۆكاری لەبیر چوونەوەی رووداوەكان و لە لایەكی تریش لە گەڵ فێلی خەیاڵ و چوونە تەمەنیش هیچ ناكرێت .**

ناوەكان :

**هاورێیانی لقی قەرەجۆغ**

١/ كەریم عەرەب ئامر مەفرەزەبوو

٢/ دكتۆر شەپۆڵ

٣/ ئاكۆ گۆزەپانكەیی

٤/ هاورێ خەیام

٥/ هاوكار ئامۆزای خەیام

٦/ شێخ سەلام   معاون ئامر مەفرەزە بوو
٧/  دڵنیا مەلا عەبدوللا
٨/  سەفین  ئامۆزای  دڵنیا
٩/ ڕێناس   خەلکی شێخ شێروان
١٠/ غەسان  عەرەب
١١/  ئەسکەندەر   خەلکی مەخموور بوو
١٢/ بژار  خەلکی گۆزەپانکە
١٣/ ئاشتی   خەلکی گۆزەپانکە  .....  لە ژیان نەماوە
١٤/  ریاز   عەرەب
١٥/ بێستون  برای شەهید مولازم  ئارام
١٦/ سەردار  خەلکی گوندی  گۆزەپانکە

لقی بەرانەتی

١/  مولازم  هۆشیار   بەرپرسی مەفرەزبوو
٢/ سردار  شێرە   معاون مەفرەزە بوو
٣/ سەنگەر عەولا  حاجی
٤/  سەرهەنگ مەلا نەفتە

٥/ دكتۆر هاوكار

٦/ جەواد

٧/ جەمال خەیلانی

٨/ كاروان مورتكە

٩/ ڕێباز ناسرابوو بە ڕێبازە قووت

١٠/ هیوا توركمان خەلكی كەركوك بوو

مەفرەزەیەكی لقی خۆشناوەتی

١/ ئاری خەلكی شەقلاوە بوو بەرپرسی مەفرەزە بوو

٢/ ڕێناس برای ئاری

٣/ بۆتان خەلكی مورتكە

٤/ شۆڕش ئیستا لە سوید دەژی

٥/ ئەحمەد عەرەب

٦/ كاروان حوسێن

٧/ بژار گورگیس

٨/ شێروان برازای ئەبو سیروان

٩/ گۆران ڕەزگەیی

هەروەها هاوری ئەحمەد عەوێنە كە تازە لە زیندان ئازاد كرابوو ئـەویش بـە گەیشتمان بۆ بارەگای كافێ لەوەی بوو لە گەڵ هاورێ حاجی دەهام كە كاروباری زۆربەی هاورێیانی بارەگای كافێ جێبەجی دەكرد .

## ناوی ئەو پێشمەرگانەی لە گەڵ مەفرەزەی فەرماندە مام خدر بوون :

١ / دکتۆر سەعد لقی کۆییە

٢ / شەماڵ عادل سەلیم /مخابری فەوجی ٣١

٣ / ریاز قەرچوغ / ئامر مەفرەزە

٤ / دڵدار شەقڵاوە ، برای شۆڕشە ڕەش

٥ / هاورێیانی هەورامان (مەحمود و فیردەوس ، سەرداروسەعیدە، شوکرو کەژاڵ)

٦ / سامان مام خاڵۆ

٧/ دکتۆر هلال بەندر

٨ / ئەسکەندەر قەرەچوخ

٩ / ئەبو جاسم

١٠ / کارگەر

١١/ ئەبو خلود موخابر

١٢ / ئەبو ستێف

١٣ / سەعید گەرمیانی

١٤ / دایکی رافد

١٥ / ئەبو واسق

١٦/ بەشدار عەنکاوا

١٧ / ابو دلشاد

١٨ / مامۆستا لەشکری

١٩ / ڕێباز موخابر

٢٠ / ئاوات مام بارام

٢١ / ئەردەلان ی شەهید یاسین

٢٢ / خاره خوله

٢٣ / کاروان

٢٤ / ملکو

٢٥ / أبو عماد

٢٦ / ملازم ریاز

٢٧ / مقلوم

٢٨/ حاجی دهام

٢٩ / حەسەن عەلی خەلیفە

٣٠ / عماد زەنگەنە

٣١ / عەلی خانەقینی

٣٢ / زانیار سەید عەلی

٣٣ / سامان مام خالۆ

٣٤/مزەفەر

٣٥/عباس شەقڵاوە

٣٦/فاخیر

٣٧/ ڕێبوار قەرەچوخی

**شەماڵ عــادل ســەلیم دەربــارەی ئــەو ڕووداوە بــەو شێوەیەی نووسیوە:**


لــە شــەری گونــدی (ســێ ڕێ / ســیریە ) لــە دوای پەرینــەوەمان لــە روبــاری( شــین) بــە تەلــەفریك و هەندێکیش بە ( کەلەك) ، شەرێکی دەستەو یەخە بوو ، لێرەدا رۆڵی فەرماندەی هێزەکە ( مام خدر ) وەك شایەدحالێك باس دەکەم :


لەگـەڵ تەقینـەوەی یەکـەم ئاربیچـی بـەرەو ئـەو شـــوێنەی کـــە ئێمـــە لێـــی دانیشـــتبووین دوای پەرینــەوەمان لــە (شــین) ، مــام خــدر گــوتی : ( هاوڕێیان ، کوڕانی فەهد ی قارەمـان ، پێشمەرگە جوامێرەکـانی حزبـی شـەهیدان ، ئــەمرۆ رۆژیــی ئێوەیـە ، هەڵمـەت بـەرن ، هـەمووتان سـەرکەون و دەبێت دوژمن ببەزێنن و رێگا بکەینـەوە بـۆ ئـەم خەڵکە خێر لەخۆنەدیيوە ) . ئەوەی شایەنی باسە


مام خدر پێش ئێمە کەوت و وەك فەرماندەیەکی سەربازی قەناسێکی لەدەست بوو بەرەو گوندی (سێ ڕێ / سیریە ) . ئەوە بوو هاوڕییان بە هۆراو هوتاف کێشان بەرەو قەبرستانی گوندی (سێڕێ/سیریە ) کەوتنە ڕێ ، من لەگەڵ ( ریاز قەرەچوغ کە ئامر مەفرەزەی ئێمە بوو و هەروەها لە گەڵ دڵدار شەقلاوە ) بووم ، هێزی دوژمن هێندە نزیك بوون گوێمان لە قسەکانیان بوو ، لە و قەبرستانە گەورەترین شەڕێکی دەستەو یەخە روویدا ، خۆشبەختانە دوژمن شکاو رەڤین .

# ئەلبومی وێنە












ئەرشیفی: توانا شەقلاوەیی
لە دەستی ڕاست. غریب شەقلاوەیی ـ ئەبو داود ـ ....... ـ مام خدر روسی ـ ........... .


Rizgar hesari




له ڕاستەوە -حوسام بەڕانەتی - شەهید دکتۆر سمکۆ - شەهید ئارام شاهین -
علی سەچی -سەردار شێرە - شەهید سەرکەوت خدر کاکیل .




شهيد ملا عثمان
خدر روسي
د. صادق
هيوا
منتصر
هوكر
ماموستا سعد







کۆتایی